**ئودۆ شتاینباخ**

# ئێران و ئیسلام[1]

له‌ ئاڵمانییه‌وه‌ بۆ کوردی ره‌حیم به‌هرامزاده‌

**a) هۆکاری مێژوویی**

به‌ تێکشکانی ئیمپراتوریه‌تی ساسانی (642 ی پاش زایین) ئیسلام له‌ ئێران بڵاو بووه‌وه‌. هه‌رچه‌نده‌ پرۆسه‌ی به‌ئیسلامیبوون له‌و وڵاته‌ له‌ سه‌ره‌تادا زۆر له‌سه‌رخۆ بوو، به‌ڵام پاشان ئێران له‌ بڵاوبوونه‌وه‌ی کولتوری ئیسلامی ده‌وری گرنگ و زۆرجار یه‌کلاکه‌ره‌وه‌ی بوو. رووداوی هه‌ره‌ گرنگ له‌ مێژووی ئێراندا، داهێنانی شێعه‌ی دوازده‌ ئیمامی و کردنی به‌ ئایینی فه‌رمی له‌ لایه‌ن داهێنه‌ره‌که‌ی شا ئیسماعیلی هه‌وه‌ڵ (کاتی ده‌سته‌ڵات 1501-1524) بوو. ئیسماعیل سه‌ر به‌ بنه‌ماڵه‌یه‌کی ئایینی بوو که‌ تا ئه‌وکات سه‌رکرده‌ی ته‌ریقه‌تێکی سوننه‌ بوو. ناوی ته‌ریقه‌ته‌که‌ش ده‌گه‌رێته‌وه‌ بۆ سه‌فیئه‌ددینی دامه‌زرێنه‌ری (کاتی مردن 1334). ناوه‌ندی دانیشتنی ئه‌ بنه‌ماڵه‌یه‌ ئه‌رده‌وێل له‌ باکووری رۆژاوای ئێران بوو. ئێران هه‌تا سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی پازده‌هه‌م وڵاتێکی سوونه‌نشین بوو.

ده‌بێ به‌شێعه‌بووونی سه‌فه‌وییه‌کانیش به‌درێژایی سه‌ده‌ی 15 ته‌کمیل بووبێ. ئه‌گه‌ر له‌ کاتی مردنی ئیسماعیل (1524) ته‌نیا به‌شێکی که‌م له‌ ئێرانییه‌کان شێعه‌ بوون، ئیستاکه‌ 85% خه‌ڵکی وڵاته‌که‌ شێعه‌ن. ئاکاره‌ ئایینی و رامیارییه‌کانی ئیسماعیل له‌ چه‌ند رووه‌وه‌ چاره‌نووسی ئێرانیان گۆری. باوه‌ری شێعه‌ و خۆگونجاندنی میری له‌ته‌کیا، فاکته‌رێکی گرنگ بوو بۆ چێبوونی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی له‌ به‌رانبه‌ر دراوسێکانیدا. له‌ سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی شازده‌وه‌ ئێران ده‌ستی به‌وه‌کرد رۆڵێکی سه‌ربه‌خۆی ئایینی و سیاسی بگێرێ. به‌مه‌ش توانی له‌ به‌رانبه‌ر په‌ره‌ساندنی ئیمپراتوریه‌تی عوسمانی و ده‌ستدرێژی ده‌سته‌ڵاتی کوڵۆنیالی رووسیا و ئینگلیسدا راوبوه‌ستێ. هه‌رنه‌بێ ئێران ئه‌وه‌نده‌ی سه‌رکه‌وتن هه‌بوو که‌ نه‌بێته‌ کۆڵۆنی راسته‌وخۆ.

له‌ ئێران شێعه‌ بۆ هه‌وه‌ڵ جار له‌ کاتی هاوچه‌رخدا بووه‌ته‌ هێزێکی ئایینی و ئایینی-سیاسی یه‌کلاییکه‌ر له‌ وڵاتێکی ئسلامیدا؛ ئه‌ویش به‌ که‌ره‌سه‌ی حکومه‌تی. به‌ڵام له‌ وڵاتانی موسوڵمانی سوونه‌ جۆرێکی تر بیر له‌ ئایین وپێوه‌ندی له‌ته‌ک هه‌ل و مه‌رجی سیاسی ده‌کرێته‌وه‌. ده‌بێ ئه‌وه‌ له‌به‌ر چاو بگرین که‌ زانایانی ئایینی شێعه‌ ده‌سه‌ڵاتی سیاسی نه‌شێعه‌ قه‌بوول ناکه‌ن، یان قه‌بووڵکردنی به‌ مه‌رجی زۆر ده‌به‌ستنه‌وه‌. بۆشیان هه‌یه‌ شه‌رعیبوونی هه‌موو ده‌سته‌ڵاتێک (له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ک) بخه‌نه‌ ژێر پرسیاره‌وه‌؛ هه‌ر نه‌بێ به‌ ره‌وای نه‌زانن. ئه‌م راستییه‌ و پله‌ی به‌رزی رۆحانییه‌تی شێعه‌ له‌ کۆمه‌ڵدا، که‌ سه‌ربه‌خۆییه‌کی زۆریان له‌باری ئابوورییه‌وه‌ پێده‌به‌خشێ، زه‌مینه‌ی کێشه‌ له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ڵات ئاماده‌ ده‌کا. پێوه‌ندی رۆحانییه‌ت و رژیمه‌ جۆراوجۆره‌کان له‌و کاته‌وه‌ سه‌فه‌وییه‌کان بۆ تیئۆریزه‌کردنی باوه‌ری شێعه‌ی ئۆرتۆدۆکسی له‌ وڵاتانی عه‌ره‌بییه‌وه‌ مه‌لایان ده‌هێنا، هه‌تا کێشه‌ی نێوان ئایه‌توڵا خومه‌ینی و موحه‌ممه‌د ره‌زا شای په‌هله‌وی زۆر قۆناغی بریوه‌: له‌ پشتیوانی راسته‌وخۆ له‌ رژێمه‌ جیاوازه‌کانه‌وه‌ هه‌تا دژایه‌تیکردن له‌گه‌ڵ خۆتێوه‌ردانی هێزه‌کانی بێگانه‌، دژبه‌ریکردنی به‌سترانه‌وه‌یی زۆر به‌ هێزه‌ رۆژاواییه‌کانه‌وه‌ و به‌ربه‌ره‌کانێی رژیمیکی به‌رتیلخۆر. خومه‌ینی له‌م بواره‌دا له‌ هه‌مووان میلیتانتتر بوو. به‌ڵام سه‌ره‌رای هه‌موو ئه‌مانه‌ هه‌ڵوێستێکی لیبراوی سیاسی به‌رانبه‌ر ده‌سته‌ڵاتدارانی دنیایی له‌ لایه‌ن رۆحانییه‌تی شێعه‌وه‌ به‌ده‌گمه‌ن گیراوه‌.

شۆرشی ئێران که‌ ساڵی 1977 ده‌ستی پێکرد، له‌سه‌ره‌تاوه‌ ته‌واو روخسارێکی کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی و سیکۆلاری هه‌بوو و ساڵی 1978 ره‌نگی شۆرشیکی ئیسلامی به‌خۆوه‌ گرت. ئه‌مه‌ش هۆی یه‌کجار ئاڵۆزی هه‌یه‌. هێزی گورچکبری شۆرش ته‌نیا کاتێک هاته‌ مه‌یدان که‌ ئایه‌توڵا روحوڵا ئه‌لموسه‌وی ئه‌لخومه‌ینی(-1902 1989) ، له‌ ئۆکتۆبری 1978 له‌ نه‌جفی عێراقی دراوسێوه‌ و پاشانیش له‌ پاریسه‌وه‌ سه‌رکردایه‌تی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک، به‌تایبه‌ت توێژی بنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵی به‌ده‌سته‌وه‌ گرت. ئاوری دژایه‌تی مه‌لا شێعه‌کان له‌ته‌ک شا کاتێ بڵێسه‌ی سه‌ند، که‌ ئه‌م ده‌یه‌ویست له‌سه‌ر بناخه‌ی جیاکردنه‌وه‌ی ئایین و سیاسه‌ت مه‌یدانی کارتێکه‌ری مه‌لایان به‌رته‌سک بکاته‌وه‌. هۆی نارەزایی و رژانه‌ شه‌قامی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک، پێوه‌ندی رۆحانییه‌ت له‌گه‌ڵ

[1] ئه‌م وتاره‌ له‌ گۆڤاری مه‌ڵبه‌ند ژماره‌ی 98 جۆزه‌ردانی 2007 وه‌رگیراوه‌

ئۆپۆزیسیۆنی نەئایینی و دواتر هەل و مەرجی دژواری مەلاکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی جیگای ڕاستەقیەنەی ڕۆحانییەت لە کۆمەڵ و ئەو ئەرکە نیشان دەدا، کە لە سەدەی 19 بەملاوەلە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا وە ئەستۆی گرتووە.

**a) ڕۆڵی ڕۆحانییەت لە سەدەی 19 و 20 دا**

ئاڵۆزیی پێوەندی نیوان ڕۆحانییەت و دەسەڵاتی دنیایی لە ئێران هەوەڵ جار لە سەدەی 19دا وەدەرکەوت. بەر لەمە بۆ سەفەوییەکان (هەتا ساڵی 1722 دەستەڵاتییان بە دەستەوە بوو) لووا بەهۆی چند تەکبیریکەوە بەری تێکهەڵچوون لەتەک تێئۆلۆگەکان بگرن. دوو خاڵی سەرەکی بوونە هۆی ڕاوەستانی ڕاشکاوی ڕۆحانییەت لە بەرانبەر بنەماڵەی قاجار (1924-1977) دا. لە لایەکەوە خۆتێوەردانی بەردەوام زیادبووی بریتانیا و روسیا لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران و هەوڵ بۆ ئەوەی ژیانی ئابوری ئیران بە تەواوی بخەنە ژێر ڕکێفەوە، دەسەلاتی پاوانخواز و سەرەڕۆی ئەو بنەماڵەیەش لە لایەکی ترەوە. کاتێک شای ئیران مافی چاندن، فرۆش و فرۆش بە دەرەوەی وڵاتی توتنی بە بازرگانێکی بریتانیایی دا(1890)، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی داوای ڕێفراندۆمی کرد. کاتێک ئایەتوڵا شیرازی لە فتوا بەناوبانگەکەیدا داوای لەخەڵک کرد جگەرە نەکێشن، نارەزایی کۆمەڵانی شارنشین بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. ئەمەش حکومەتی ناچار کرد پەیمانەکە هەڵوەشێنێتەوە.

پرۆتێستۆی تەماکۆ سەرەتای ئەو جووڵانەوە سیاسیانە بوو کە ئاکامەکەی دانانی یاسای بنەڕەتی بوو(1906/07). سەرەتای ئەو نائارامییانە تەنیا دژایەتی لەتەک خۆتێوەردانی بێگانە لە کار و باری ئابووری و سیاسی ئێراندا بوو، بەڵام هەتا ڕاپەڕینکە درێژتر دەبووەوە رادیکاڵتر دەبوو. وای لێهات داوای دامەزرانی پارلمان و یاسای بنەڕەتیان کرد و شاش لەبەر گوشاری خەڵکی پاشەکشەی کرد و هەر دووکیانی قەبوول کرد (1906). ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی 1890 و 1911 و کۆتایی سەردەمی شۆڕشی مەشروتە نیشاندەری هاوکاری گەرمی ڕۆحانییەت (هەر نەبێ بەشێکی) لە گەڵ لیبراڵ و هێزی نەتەوەیی و بازاڕ لە ئێران بوو. ئەم هاریکارەییە بە هۆی چەند قازانجێکی هاوبەشی ئەم تاقمە کۆمەڵایەتییانە لە بەرانبەر ڕژێمدا بوو. بەشداریی ڕۆحانییەت بووە هۆی هاتنی کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵک بۆ ناو ئەم جووڵانەوە کۆمەڵایتییە. سەرەکیترین کێشەی هاوبەش بەرگری لە زۆربوونی دەستەڵاتی ڕۆژاوا لە ئێراندا بوو، بە هۆی لاوازیی حکوومەت بەرگرتنی زۆرتر لە ڕێگای ئەمەوە لە نەگونجاو دەچوو. چوونکی مەلاکان بەگشتی خۆیان لە بنەماڵەی بازاری و توێژە شارنشینەکانی بورژوازی و بورژوازی گچکە بوون و پەرەسەندنی دەستەڵاتی ڕۆژاوایان بە هۆی بانک و پاوانکردنی بازرگانییەوە بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانی، بە سانایی لەگەڵ ئەم هێزانە ڕێک دەکەوتن. هەروەها توێژی ناونجی شارنشین و زۆرینەی ڕۆحانییەکان، بەهۆی جیاوازەوە دژی دەسەڵاتی موتلەقی حاکمەکانی قاجار بوون.

لە لایەکی ترەوە ئەم یەکگرتنە ئەوەندە پتەوە نەبوو. چونکی جگە لە هەڵویستی هاوبەش کە باسیکرا، بیر و باوەڕ لەسەر چۆنییەتی مودیرنیزەکردنی وڵات زۆر جیاواز بوو. بۆیەش سەرەڕای هاودەنگی عولەما لە دژایەتیکردنی قاجارەکان بەردەوام لەوەش دەترسان کە بەشە تایبەتییەکانیان لە کۆمەڵ بە تایبەت لە بواری پەروەردەدا بە هۆی ڕیفۆرمەکانی سەدەی نۆزدەوە لەکیس بچێ، بۆیەش بە لێبڕاوییەوە بەشداری جووڵانەوەکەیان نەدەکرد.

کە جووڵانەوەی مەشرووتییەت سەرکەوت، مەلاکان توشی کێشەیەکی سەیر بوون: لە لایەکەوە ئەوەی دەبوو لە یاسای بنەڕەتیدا بنووسرێ (خەڵک سەرچاوەی دستەلاتە) لەگەڵ باوەڕی شێعە کە ئەمە بە مافی پێغەمبەر و ئیمام دەزانن نەدەهاتەوە. بەبێ ئەوەش نەدەکرا بەری دەستەڵاتی پاوانخوازانەی قاجار بگیرێ. ئەم ناتەباییە بووە هۆی پێکهاتنی یاسایەک کە بەشداربوونی مەلاکانی لە جووڵانەوەکەدا بە ڕوونی دەنواند. لە بەندی 1ی پاشکۆی تەواوکەری یاسا(متمم قانون اساسی/7ی ئۆکتۆبەری 1907) نووسراوە: شێعەی دوازدە ئیمامی ئاینی فەرمی وڵاتە. بەندی 2ی یاساکە دەڵی کومیتەیەکی پێنجکەسی لە مەلایان دەبێ تەبابوونی ئەو یاسایانەی پارلەمان پەسندی کردووە لەگەڵ پرێنسیپی ئیسلامی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. بەمەش ڕۆڵی سیاسی عولەما لە سیاسەتی ئێراندا بە یاسا گەرەنتی کرا. هەروەها هەڵبژاردنیان لە پارلمانی هەوەڵدا وەک تەئیدی سەرکردایەتی ئاینییان وا بوو، هەرچەندە مەلاکان بەبێ ئەوەش خۆیان بە ڕیبەر و سەرکردە دەزانی.

لە سێهەمین قۆناخی مێژووی نوێی ئێراندا جارێکی تر مەلایان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێرا. ئەویش ئەو کاتەی قاجارەکان لابران و ڕەزا خان خۆی کردە سەرۆک وەزیر، واتە پلەی گوێستنەوەی دەستەڵات لە بنەمالەی قاجارەوە بۆ پەهلەوی (ئۆکتۆبری 1923-دیسامبری 1925). زۆر ڕوونە سەرۆک وەزیری ئەوکات، ڕەزا خان زۆر تەئسیری لە وڵاتی دراوسێ تورکیا و دامەزراندنی کۆمار (ئۆکتۆبەری 1923) وەرگرتبوو و لە مێشکیدا لاسایی ئەم نموونەیەی دەکردەوە. زۆرینەی ڕۆحانییەت دژی ئەم بۆچوونە و خوازیاری مانەوەی سیستەمی

پاشایەتی بوون. لە 1924ەوە رەزا شا وازی لە بیر و باوەڕی کۆماری هاورد. ئیتر بۆ شەرعیکردنی دەستەڵاتی خۆی هەر بەدوای نزیکایەتی لەتەک مەلاکانەوە بوو. نفوزی سیاسی مەلاکان بە گوێرەی کات کەم و زۆر دەبوو. هاوپەیمانی رەزا خان (پاشان رەزا شا) و مەلا زۆری نەخایاند. لە مودێڕنیزەکردنی ئێراندا نموونەی ئاتاتورک سەرچاوەی ئیلهامی دەستەڵاتداری نوێ بوو و ئەمەش بووە هۆی بەبەرەکانێی عولەما. ریفۆرم لە بواری بارهینان و پەروەردە، پەرەپێدانی دەستەڵاتی حکومەت بۆ لابردنی مەلاکان لە خزمەتی سپادا و کەمکردنەوەی دەوری شەرعی ئیسلام لە سیستەمی دادپەروەریدا، کۆنترۆڵی زۆرتری قوتابخانە ئایینییەکان، باوکردنی جل و بەرگی رۆژاوایی و قەدەغەکردنی چارشێو هەندێک خالن کە دەبێ باسیان بکەین. هەروەها کۆنترۆڵی مەوقوفات لەلایەن دەم و دەزگایی دەوڵەتییەوە و دامەزرانی فاکولتێتی تیئۆلۆگی وەک یەک لە چوار فاکولتێتی سەرەکی زانستگای تاران کە ناوەندێکی سیکۆلار بوو، بوونە هۆی نارازیبوونی عولەما.

بە وازهێنانی رەزا شا لە دەستەڵات (لە ژێر گوشاری بریتانیای گەورەدا) مەلاکان دەستیان بە چالاکی سیاسی کرد و چوونە ناو پارتە سیاسییەکانیشەوە. بەتایبەت زۆر لە مەلاکان لە بەرەی نەتەوایەتیدا (جبهە ملی) بە سەرۆکایەتی موسە ددیق دەستیان بە جوولانەوەی سیاسی کرد. سەرەتای ساڵانی 1960 دژایەتی مەلا لەگەڵ شا توندتر بوو. هۆی سەرەکی ئەم دژایەتییە ریفۆرمی زەوی بوو. مەلاکان لەمەدا نەک هەر بەهێزبوونی دەستەڵاتی رژێم ، بەڵکوو لاوازکردنی بناخەی سەربەخۆی ئابووری خۆشیان دەبینی. هاوکات بەو ریفۆڕمە کۆمەڵایەتییانەی شا، ژن مافی زیاتری پێدەدرا. بەتایبەت مافی ژنان بۆ ئەوەی بتوانن هەڵبژێرن و هەڵیشبژێرن (1962) بۆ مەلاکان قەبوڵ نەدەکرا و ئەمیان بە لەژێرپێنانی شەرعی ئیسلامی لێکدەداوە. یاسای پاراستنی بنەماڵە (1967)، تەڵاقی بۆ پیاوان زۆر دژوار و بۆ ژنان هاسانتر کرد. ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە بەرانبە ر یاسادا و ئەو مافەشی بە ژن دەدا، کە لە حالەتی جیابوونەوەدا خۆی سەرپەرستی منداڵی بکا.

ساڵی 1963 لە تاران و شیراز و شارەکانی تر نائارامی دەستی پێکرد. لەم جوولانەوەیەدا مەلاکان زۆر چالاک بوون و بۆ هەوەل جار ناوی خومەینیش وەک وێژەری لایەنێک لە مەلاکان کە خوازیاری رۆڵی زۆرتری رۆحانییەت لە سیاسەتدا بوو هاتە گۆڕێ. بە سەرکوتکردنی ئەو راپەڕینە (1963) ساڵێ 1964 خومەینی لە وڵات دەرکرا؛ سەرەتا چوو بۆ تورکیا و پاشان بۆ نەجەف. دوای بەهێزبوونی رژێم و پەرەسەندنی دام و دەزگای ئیداری و تا رادەیەک سەقامگیری ئابوری لە نیوەی دووهەمی سالانی 1960 و هەتا نیوەی سالانی حەفتا، مەلاکان بە رواڵەت وازیان لە چالاکی بەرچاوی سیاسی هێنا. بە نهێنیش بەشێک لە رۆحانییەت لەبەر سەرەڕۆیی رژێم و بەرتیلخۆری و پەرەسەندنی دەسەڵاتی وڵاتانی دەرەوە (بەتایبەت لە سالانی 1970دا) دەستی بەوەکرد لە روانگەی تێئۆلۆگییەوە زەمینەی بەشداری خۆیان لە سیاسەت لە نێو کۆمەڵدا ئامادە بکەن. خومەینی کە لەدەرەو سەربەخۆیی زۆرتری لە هاوکارەکانی لە ناو ئێران هەبوو، کۆنسێپتی رادیکاڵی خۆی لەبارەی ویلایەتی فەقیهـ تێئۆریزە کرد و ساڵی 1970 بڵاوی کردەوە.

**b) بناخەی دەستەڵاتی رۆحانیی**

ئیعتیباری رۆحانییەتی شێعە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێرانیدا لەسەر دوو کۆڵەکەی تایبەتی و گشتی وەستاوە. وەک مەرجەعی تەقلید ئەمانە ئەرکی ئیدارەی سامان، یارمەتی بە هەژار و نەداران (بۆ وێنە بێوەژن و هەتیو)، کۆکردنەوەی سەدەقە، تەئیدی بەڵگە و نووسینی شاهێدی و پارە بەخشین بە ناوەندی ئایینی و مەوقوفەکان ومەدرسە، کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەدەستیان گەیشتووە، بەجێ دینن. دیارە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکان چاوەدێری یاساکانی ئایینە. بۆیەش مەلاکان هەر هەوڵیک بایەخی شەرع کەم کاتەوە، یان لە جێگای وی یاسایەکی حکومەتی دابنرێ و دانانی یاسای بنەڕەتیش دەخنە ژێر پرسیارەوە.

لە راستیدا حکومەت بواری دەستەلاتی رێبەرانی ئایینی زۆر تەسک کردەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆی نەکرا هەموو ژیانی ئایینی بخاتە ژێر کۆنترۆلەوە. لە لایەکەوە راهێنانی سوننەتی ئایینی نەهاتە گۆڕین. ناوەندی بارهێنانی تێئۆلۆگی هەر مەدرسەکانی جاران بوون. ئەمانە لە سەدەکانی ناوەراستیشدا کارخانەی بارهێنانی ئیسلامی بوون و لەسەردەمی سەفەوییەکاندا بەتایبەت پەرەیان سەندبوو. هەرچەند لە کاتی دەستەلاتی بنەماڵەی پەهلەویدا ئەو ناوەندانە لەژێر چاوەدێری میریدا بوون، بەڵام ناوەرۆک و رواڵەتیان هەر نەگۆرابوو و وەک سەدان ساڵی پێشوو بەڕێوە دەبران. لەم ناوەندانەدا هەم مەلای گوند (ئاخوند) باردەهێنرا هەم موجتەهید. کۆنترۆڵی میری لەسەر ناوەرۆکی وانەکان، بەتایبەت ئەوی ئۆپۆزیسیۆنی ئایینی دەگرێتەوە بێ دەستکەوت بوو.

دووهەمین فاکتەرێک کە هەڵویستی مەلایان لە کۆمەڵی ئێراندا، تا ئیستاکەش بەهێز دەکا، بوونی سامانێکی زۆر بەدەست ئەمانەوەیە، کە تا رادەیەکی یەکجار زۆر سەربەخۆیی و بێحەوجەییان لە دەسەڵاتدارانی دنیایی مسۆگەر دەکا. گرنگترین سەرچاوەی داهاتیان: a) کار و باری مەلایەتی و دەفتەری کە لەسەرەوە باسمان کردن؛ b) سامانی رێکخراوە وەقفییەکان و c) ماڵیاتی ئایینی (خومس). هەرچەند بەهۆی یاسای نوێ مەیدانی مەلاکان زۆر تەسک بووەوە و داهاتیشیان هەر لە کەمی بوو، بەڵام لە ئیرانی ژێر دەستەڵاتی پەهلەویشدا سامانیان یەکجار زۆر بوو و بەشی ئەوەندەی دەکرد بە ئاسانی ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆیان پێ بەجێبێنن. هەروەها زۆر مەلای پایەبەرز جگە لە کاری مەلایەتی بەهۆی چالاکی ئابووری داهاتی دیکەشیان هەبوو. یارمەتی بازاڕیش لە زیادبوونی سامانی رۆحانییەکان شوینی خۆی هەبوو. قازانجی هاوبەش لەتەک زەویندارە مەزنەکان و بازاڕی گەورە، ئەمانی خستە رێزی پیشەوەی جوولانەوەی سیاسی و هاوپەیمانی لەتەکیانا. جوولانەوەی 1963-1960 کە دژی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و شۆڕشی سپی بوو لەسەر بنەمای هاوپەیمانی مەلا و دەرەبەگە گەورەکان چێ ببوو. لە شۆڕشی 1977/78دا مەلا و بازاڕی لەتەک یەک بوون، جا با دژایەتییان لەگەڵ شا، هۆکاری جیاوازیشی بووبێت.

ناوەندی رۆحانییەتی شێعە لە ئێران شاری "قوم"ـە. گرنگی ئەم شوێنە بۆ رۆحانییەتی شێعە بەتایبەت لە بوونی گۆڕی فاتمە، (حەزرەتی مەعسومەشی پێدەڵێن) خوشکی ئیمامی هەشتەم (عەلیڕەزا) لە شارەکەدایە. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا شارەکە زۆری پەرەسەند و مزگەوت، مەدرەسەی ئایینی، کتێبخانە و زۆر شوێنی کۆمەڵایەتی تری لێ سازکارا. ئەمەناش بوونە هۆی ئەوە ی قوم ببێتە ناوەندی ژیانی ئایینی. هەروەها لە سەدەی 19 و 20 دا لە قوم جیاوازی نێوان رۆحانییەت و ئەوانە ی وا دنیایین بیریان دەکردەوە، چەقەرەی دا. پێوەندی نیوان رژێم و مەلاکان تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو. ئەویش ئەو راستییە بوو کە ناوەندە گرنگە ئایینییەکانی شێعە، گۆڕی عەلی ئیمامی هەوەڵ و حوسەین ئیمامی سێهەم، لە لەدەرەوەی وڵاتن (نەجەف و کەربەلا). واتە نەک هەر رژێم مەلای بۆ ئەو شوێنانە راودەنا، ئەوانیش چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان لە دژی رژێم لەو شوینانەوە بەڕێوە دەبرد (بۆ وێنە لە کاتی شۆڕشی مەشرووتەدا، بەر لە شەڕی جیهانی هەوەڵ). خومەینی لە نەجەف ساڵی 1970 بە کۆنسێپتی ویلایەتی "فەقیە"ـەوە هاتە مەیدان. تەنیا لەدەرەوەی وڵاتیش تێۆریزەکردنی سیستەمێکی حکوومەتی مومکین بوو، کە هاوکات رووخانی سیستەمی دەسەڵاتداری پاشایەتیشی تێدا باسکرابێت. ئایا دوای رووخانی رژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حسەین مەلاکانی ئێران هەوڵ دەدەن ناوەندە پێرۆزەکانی شێعە لە عێراق بخەنە ژێر نفوزی زیاتری خۆیانەوە ئێستاکە (ساڵی 2005) زۆر روون نییە.

### c) ئیسلام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا

لە سەرەتای ساڵانی 1970، موحەممەد رەزا شا نەیدەشاردەوە کە خوازیاری جیاکردنەوەی سیاسەت و ئایینە. بەڵام سووکایەتێشی بە مەلا نەدەکرد، بەڵکوو بە زیارەتی شوێنە پێرۆزەکان (بۆ وێنە لە مەشەد) رێزی لە ئایین دەگرت و ئەمەشی نیشان دەدا. هەروەها هەوڵی دەدا نفوزی مەلاکان لە هەموو بواری ژیاندا کەم بکاتەوە. دوو لایەنی سیاسەتی شا لەم بوارەدا گرنگی تایبەتیان هەبوو:

ـ یەکێک لە ئامانجەکانی پرۆسەی بەپەلەی پەرەسەندنی ئابووری کە ساڵانی 1970 دەستی پێکردبوو و ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتیش لەتەک خۆیدا هاورد، کەمکردنەوەی رۆڵی ئایین وەک فاکتەرێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵ بوو. لەوە دەچوو هەوڵی ئێرانییەکان بۆ مودێرنیزەکردنی وڵاتیان کەرەسەیەکی بەبڕشت بێ بۆ وەلانانی ئەو نەریتانەی لە ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ـ گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەرلە ئیسلامی "هەخامەنیشی و ساسانی" دەبوو جێگای ئیسلام وەک فاکتەرێکی زاڵ بەسەر کولتور و کێیەتی لە ئێراندا بگرێتەوە. ئەم پەنابردنە بۆ رابردوو کە رەزا شا دەستی پیکردبوو و هەربۆیەش پەهلەوی بە ناوی خۆیەوە لکاندبوو، دەبوو مێژووی پر لە شانازی بنوێنی و شەرعیەت بە شا لە ڕیگای مێژووە بدا و ئیسلامیش وەک فاکتەری بەرگری لە پێشکەوتن بخاتە بەرچاو. بەمەش پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی زانایانی ئیسلامی لە ئێراندا دەکەوتە مەترسییەوە.

ئەم پرۆسەیە بەردەوام شتی سیمبۆلیکیشی لەگەڵ بوو: تاج لەسەرنانی شا (1967)، جەژنی 2500 سالەی دامەزرانی پاشایەتی (1971) و دامەزرانی تەقویم لەسەر بنەمایی ئەو رووداوە مێژووییە. ئەمانە دەنوێنن چەندە بایەخ بە کێشەکە دەدرا.

شۆڕشی ئیران لەگەڵ ئەم روداوانەدا پێوەندی راستەوخۆی نەبوو. بەشداری رۆحانییەکان بەتایبەت خومەینی خۆی لە پرۆتێستۆی دژی شا ساڵی 1978 زۆر ئاشکراتر بوو. بە کوشتاری مەیدانی ژالە (هەینی رەش/8ی

سپیتا مبری 1978) خەتی سوور هاتە برین و نەیارانی رژێمی شا و سەرکردەکانی شۆرش دروشمی روخانی رژێمیان هەڵگرت. گەلالەی خومەینی "کۆماری ئیسلامی" کە ناوەرۆک و واتای بۆ زۆربەی تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش نادیار بوو رۆژ لە گەڵ رۆژ وەک سیستەمێکی جیگر دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی جێی خۆی لە نیو درووشمەکاندا دەکردەوە.

ئەوە رۆحانییەت بوو کە بە هاوروژاندنی کۆمەلانی خەڵک بەتایبەت توێژی بنەوەی کۆمەڵ زەبری جەرگبری لە شا دا. پاش ئەوەی هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی یاسایی نەما کە لە رێگای پارلمانەوە گۆرانکاری بکا، شۆراکان هەر ئاگری شۆرشیان خۆش دەکرد و لە کاتی پیویست خەڵکیشیان سەرەرای قەدەغەبوون دەرژاندە شەقامەوە.

مەلاکان بۆ ئەم مەبەستە بە زمانی تایبەتی خۆیان دەدوان و بیانوویان بە دەست پۆلیسی نهێنییەوە نەدەدا هێرش بکەنە سەر خەڵکی. دروشمە ئایینییەکان کە هەموو دیندرایک تییاندەگەیشت، دژایەتی لەتەک هەل و مەرجی ئەوکاتە بوو، جا با راستەوخۆ ناوی رژێمیشیان نەهێنایە. تەرجەمەی ئەم درووشمانە سەرەتا لە دڵ و پاشانیش لە مێشکی بەشداراانی شۆرشدا رووی ئەدا. له کاتێکدا رژێم هەموو کاناڵەکانی راگەیاندنی خستبووە ژێر کۆنترۆڵەوە و ئەوی باسی دژایەتی رژێم بوو سانسۆر دەکرا، خومەینی مزگەوتی وەک ناوەندێکی راگەیاندنی گشتی بەکار دەهێنا. ئەمەش نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە نەجەف و پاشان لە پاریسیش. دنگدانەوەی پەیامی رۆحانییەکان لەو کانالەوە زۆر بەهێز بوو. ئەمیش بە هۆی هەلی نالەباری کۆمەلایەتی کە هەموو شایان بە بەرپرسی دەزانی و پێوەندی نەپساوە ی مەلا و لایەنگرانیان. بەر لەمە نارەزایەتی توێژی ناوەندی کۆمەڵ دژی سەرەرۆیی شا و بەرنامە ئابوورییەکانی پەنگی خواردبووە، بەڵام ئەم توێژە پێوەندییەکی بەهێزی لە گەڵ ئایین نەبوو. روانینی دنیایی ئەمانە و بیر و باوەری سیاسی سیکۆلاریان بەرهەمی پرۆسەی بە رۆژاوایی کردن بوو کە بەر لە سەد ساڵ دەستی پێکردبوو.

بەڵام مەلاکان خەڵکی دەوری شارەگەورەکان و بەتایبەت تارانیان رژاندە سەر شەقام کە ژیانیان زۆر نالەبار بوو (ئیستاش هەر وایە) و بەشی زۆریان هەژار بوون و بۆ کاردۆزینەوە گوندەکانیان بەجێهێشتبوو و روویان لە شارە گەورەکان کردبوو. ئەم خەڵکە کە لە شوێنی سوننەتی و ژیانی سرووشتی چەندین ساڵەی برابوو بە ئایین دڵنەوایی خۆی دەکرد و هە ر لەمیشدا پەناگای دەبینییەوە. مەلا بە زمانی ئەمان دەدوا و بە هەڵکەوت نەبوو لایەنگریی لاوازەکان (موستەزعەفین) ببووە دروشمی سەرەکی پرۆپاگاندای رۆحانییەتی ئۆپۆزیسیۆن.

رووخانی شا (16ی ژانوویەی 1979)، گەرانەوەی خومەینی بۆ ئیران (یەکی فیورییەی 1979)، وازهێنانی شاپور بەختیار دوایین سەرۆک وەزیری ئێرانی سەردەمی پەهلەوی (12ی فیورییەی 1979) و ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی (30ی مارسی 1979) پلەی جیاوازی بەرنامەیەکی لەپێشدادارژاو بۆ دامەزراندنی سیستەمیکی ئیسلامی نەبوو کە ستراکتەری زۆر دیاریکراوی ببێ. خومەینی ساڵی 1979 بە روونی گوتی سیستەمی داهاتوو "کۆماری ئیسلامی" دێمۆکراتی رۆژاوایی نابێ. بۆیەش هاوکات دوو شێوەی دەستەلاتداری لە ئێران هەبوو. شێوەی فەرمی کە مەهدی بازەرگان وەک سەرۆک وەزیر نوێنەرایەتی دەکرد و شیوەی نهێنی و کاریگەرتر، شۆرای شۆرش و کۆمیتەی دادگای شۆرش بوو کە دەسەلاتی راستەقینەیەیان بەدستەوە بوو. بەڵام خومەینی خۆی هەمەکارە بوو و بە ئوتۆریتەی خۆی دەیتوانی هەموو بەرنامەکانی رژێم بکاتەوە هێچ. هەنگاوی گرنگ بەرەو بەئیسلامیکردنی سیستێم، دانانی ئەنجومەنی خیبرەگان بوو. ئەرکی ئەم ئەنجومەنە نووسین و ئامادەکردنی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی ئیران بوو (ئاوگوستی 1979). لە 73 ئەندامی ئەنجومەنەکە 55یان مەلا بوون. زۆربەشیان ئەندامی پارتی کۆماری ئیسلامی ئێران (حزب جمهوری اسلامی ایران) بوون. هەر نەبێ لە مەلاکان زۆر نزیک بوون. لە لایەکەوە ئەمان خوازیاری دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی و پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ بوون و ئەوانی تریش سیکۆلارەکان بوون. لە هەمووان بەهێزتر لە گەلالەکردنی یاسای بنەرەتیدا موحەممەد بەهە شتی بوو کە هاوکات لە تاران پارتی کۆماری ئیسلامیشی کردبووە بەهێزترین رێکخراوی سیاسی ئێران.

یاسای بنەرەتی کە بە هۆی ریفراندۆمیکەوە تەئید کرا و بە فەرمی وەرگیرا، گرنگترین عونسورەکانی مەزهەبی شێعە لەسەر حکومەت لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. لە بەندی 12دا بەرروونی دەگوترێ شێعەی دوازدە ئیمامی (جعفری اثنی عشری) ئایینی فەرمی ئێرانە. خاڵی سەرەکی سیستەمی سیاسی "فیقە"ە. یاسای بنەرەتی رۆڵی سەرەکی بە مەلایان دەدا و دەستەلاتیان بەسەر دام و دەزگا ئیدارییەکاندا مسۆگەر دەکا. سەرچاوەی سەرەکی یاسا شەرعە و ئازادی تاکەکەس هەر ئەوندە بە رەوا دەزانێ کە لە شەرعدا دیاریکراوە. بە شۆرای دوازدە کەسی بە ناوی شۆرای نیگەهبان ئەو مافە دراوە هەموو یاسایەکی لە لایەن پارلەمان پەسەندکراو کە

لەگەڵ شەرع یان یاسای بنەڕەتی ناتەبا بێ، وەدوا دا. بەندی چوار دەڵێ ئەوەی یاسا و پرەنسیپی مەدەنی و سزادان بەهۆی تاوان، ماڵی، ئابوری، ئیداری، کولتوری، سپا، سیاسەت و شتی تر دەگرێتەوە دەبێ لەسەر بنەمای ئیسلامی بن.

لەسەر ئەوەی کێ بۆی هەیە ببیتە فەقیهـ زۆر بەوردی لە یاسای بنەڕەتیدا باسکراوە. بەندی 5 دەڵی لەنەبوونی سەروەری کات (ولی عصر) ئیمام مەهدی، ئەرکی وی دەبێ لەلایەن سەرکردەیەکی ئایینییەوە کە دەبێ دادپەروەر، لەخواترس، ئاگاداری کێشەکانی هاوچەرخ و بەغیرەت و شیاوی سەرکردایەتی بێ و زۆرینەی کۆمەڵ وەک سەرکردە قەبووڵیان بێ، جێ بەجێ بێت. ئەگەر کەس ئەم تایبەتمەندییانەی نەبوو ئەوا دەبێ شۆڕایەک لە پسپۆڕانی یاسای ئایینی ئەو ئەرکە وە ئەستۆ بگرێ. بەندی 107 هەتا 112 باسی چۆنییەتی هەڵبژاردنی وەلی فەقیهـ و ئەو چەشنە شۆرایە دەکا. رێبەر خاوەنی ئیختیاراتێکی زۆرە. ئەو بریار دەدا کێ ببێتە ئەندامی شۆڕای نیگەهبان، قازی پایەبەرز، فەرماندەی هێزی سپا، سەرکردەی سپای پاسداران‌و زۆرینەی ئەندامانی شۆرای بەرگری، هەروها بە پێشنیاری ئەم فەرماندەی یەکانە جیاوازەکانی سپا هەڵدەبژێررێن. فەقیهـ تەئیدی ئەو کەسانە دەکا کە بۆ سەرۆک کۆماری خۆیان کاندید کردووە و سەرکۆمار لادەبا بەو مەرجەی پارلمان بە شیاوی نەزانێ یان دادگایەک بیژێ ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ نەهێناوە.

گواستنەوەی دەستەڵاتی تاکەکەسی خومەینی پاش مردنی بۆ ئەوانی تر پیویستی بە گۆڕینێ یاسای بنەڕەتی بوو. چوونکی هیچکام لە مەلاکان نە لە روانگەی "کاریسما"وە، نە پلەی ئایینی و سیاسیانەوە بەو دەگەیشتن. کومیتەیەکی تایبەت بۆ گۆڕینی یاساکە رۆژی 28ی جولای 1989دوایی بە گەڵاڵەی نوێی یاسای ئێران هاورد و هەر ئەو رۆژەش لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری نوێ ریفڕاندۆم لەسەر ئەو یاسایەش کرا و بە زۆرینەیەی 97،3% پەسند کرا.

ئەو گۆڕانکارییانەی پاش گۆرینی یاسای بنەڕەتی کران، زۆرتر پراگماتیکی بوون و لەراستیدا کاردانەوەی ئەزموونی نوێ و وەڵامدانەوەی پێداویستی هەل و مەرجی تازە پێکهاتوو بوون. لە لایەکەوە بووە هۆی ناوەندیکردنی دەستەڵات و ئەسپاردنی بە چەند دەزگایەکی سەرکردایەتی. ئەمەش لە نموونەی سەرەکوەزیر و سەرکۆمار بەباشی دەردەکەوێ. واتە هەموو دەسەڵاتی تەنفیزی کەوتە دەست سەرکۆمار. ئەوی جێگری خومەینی دوای مردنی خامنەیی دەگرێتەوە بەرزترین پلەی گونجاو "ڕێبەری موسوڵمانان"ی پێدرا. هەروەها گرنگ لەم یاساگۆڕینەدا یاساییکردنی شۆڕای مەسڵەحەتی نیزام "شورای مصلحت نظام" بوو. خومەینی کاتی خۆی ئەم شۆڕایەی بۆ ئەوە دانابوو، ئەگەر پەرلەمان و شۆڕای نیگەهبان لەسەر پەسەندکردنی یاسا ساغ نەبوونەوە، ئەم شۆڕایە بێتە مەیدان. پاش یاسا گۆڕین، ئەم ئۆرگانە ئەرکی پرس و راکردن لەگەڵ رێبەر و تا رادەیەکیش کارتێکردنە سەر ئەوە. جگە لەم پرس و راکردنە رێبەر بۆی هەیە، ئەگەر خۆی بەپێوستی بزانێ هەموو کیشەیەک لەتەک ئەماندا باس بکا.

ئەو راستییەی رێبەر ئیتر پیویست ناکا خۆی مەڕجەعی تەقلید بێ، گۆرانکارییەکی گرنگە لە ستراکتەری یاسای بنەرەتی ئێراندا. دووناوەندی بوونی سیستەمی دەستەلات بەپێی یاسای بنەڕەتی زۆر روونە. بەڕیوەچوونی نیزام بەگشتی زۆرتر لەوەی بە یاسا دەستنیشان بکرێ، بە پێوەندی لەگەل خەڵکی هەردوو لا بەستراوەتەوە.

ئەوەی جیاکردنەوەی ویلایەتی فەقیهـ لە مەرجەعییەت دەکرێ بۆ رێبەر ببێتە کیشە، دوای مردنی ئایەتوڵای گەورە (آیت‌الله العظمی) عەلی ئەراکی بۆ خامنەیی دەرکەوت. کاتێ ئەم دێسامبری 1994 گەرەکی بوو جێگای ئەراکی بگرێتەوە، کە 30 نوامبری 1994 مردبوو. بەڵام مەلاکان ئەم پلەیان پێ رەوا نەبینی. داوای خامنەیی بۆ بوون بە جێگری ئەراکی بووە هۆی دەمەقالە و کێشەی زۆر. بەو بیانووە درایە دواوە، کە ئەم لە روانگەی تێئۆلۆگییەوە ئەو جۆرەی پێویستە زانیاری نییە. ئەوە سەرەکیترین هۆی قەبووڵ نەکردنی داوخوازەکەی بوو. ناسراوترین رۆحانییەکانی لوبنان و عێراق ئایەتوڵا "سیستانی"یان بە شێاوی مەڕجەعی تەقلید زانی. بۆیەش خامنەی زۆر بە وریایی 14ی دێسامبری 1994 کۆتایی بەو باسانە هاورد. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر کەس پێیان وابوو دەستەڵاتی مەلاکان بەو زووانە کۆتایی دێ، ئەمان هێزی خۆیان بە درێژایی ساڵانی دەستەڵاتییان پتەوتر کردووە و و ئێستە (2005) سەرەڕای کێشەی فرەی ناوخۆ لە واقیعدا نیزامێکی سەقامگیرە. هۆیەکانی ئەم سەقامگیرییەش یەکجار زۆرن: پرۆپاگاندای دەزگایەکی تایبەتی بە ناوی وەزارەتی ئیرشاد بە هەموو کەلێن و قوژبنی وڵات دەگا و لە دەرەوەش بایەخی کۆماری ئیسلامی دەباتە سەرێ، کۆنترۆڵی دەزگا راگەیەنەرە گشتییەکان لە لایەن حکوومەتەوە (مەلاکانەوە)، چاپەمەنی وڵات کە سەرەرای بەربەرەکانێ هاتووەتە سەر رێگای راست (بە لێکدانەوەی مەلاکان)، لافاوی پرۆپاگاندای ئیسلامی ( بەو شێوەی مەلاکان تێیدەگەن) و مەلاکان خۆشیان و بەر لە هەمووان خامنەیی بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵک بکەونە

دوای ڕژێم. گرنگترین تریبونەکانی مەلا بۆ خەڵک وەدوای خۆخستن، خوتبەکانی نوێژی هەینی و زیارەتی ساڵانەی مەکەیە کە بۆ بڵاو کردنەوەی ئایدۆلۆجیا بەکار دەهێنرێن. زۆر سرووشتییە، مەلاکان تاران لە هەموو شوێنێک بە گرنگتر بزانن. هەموو رۆژانی هەینی بە نۆبە باسی گرنگترین کێشەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دەکەن و لەم ڕێگەیەوە ڕێبازی سیاسەتی ئێران لە بواری ناوخۆ، دەرەوە و گۆرانگاری ناو حکومەت و ... بە خەڵکی رادەگەیەنن. لە پەنای پرۆپاگاندا دەزگای داپڵۆسینیش ئەرکی پاراستنی پرێنسیپەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر شانە. لەم پێوەندییەدا بەتایبەت دەبێ ئاماژە بە سپای پاسداران بکرێ. سپای پاسداران ساڵی 1979 وەک هێزی پارێزەری نیزامی نوێ ساز کرا. لە سەرەتای شەڕی ئێران و عێراقەوە (سێپتامبری 1980) ئەو هێزە بووەتە سپایەکی کلاسیکی و پاوانخواز لە ناو هێزە چەکدارەکانی سپایی ئێراندا. بەندی 150 یاسای بنەڕەتی بوونی سپای پاسداران لە باری یاسییەوە مسۆگەر دەکا.

سەقامگیربوونی سیستەمی ئیسلامی کاری زۆری کردە سەر یاسا لە ئێران. بەندی چواری یاسای بنەڕەتی ئێران دەڵێ: ئێران دەبێ ببیتە وڵاتێک کە هەموو یاسا و فۆرمی حقوقی لەسەر ڕێبازی ئیسلامی بێ و لە گەڵ ئیسلام تەبا بێ. ئەمەش مانای ئیسلامیزەکردنی وڵاتەکەیە. سروشتییە کە ئەمە کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر یاسای سزادان، بنەماڵە و ئەحواڵی شەخسی هەبوو.

بەرزترین ئۆرگانی بریاردەر لە بواری حقوقدا شۆرای بەرزی قەزایی بوو (بەندی 157 یاسای بنەڕەتی). ئەم شۆڕایە لە پێنج کەس پێکهاتبوو: سەرۆکی دادگای عالی و دادستان (هەر دووکیان لە لایەن رێبەرەوە دانرابوون)، هەروەها سێ قازی کە لایەن قازییەکان خۆیانەوە هەڵبژێردرا بوون. بە هۆی بیر و باوەڕی جیاواز ئەم ئۆرگانە هێندە کارامە نەبوو. پاش گۆرینی یاسا واز لە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ هێنرا و تاقە کەسێک وەک سەرۆکی کار و باری قەزایی نرا جێی ئەو شۆڕایە. ئەم کەسە لە لایەن رێبەری ئیسلامییەوە تەرخان دەکرێ، بێ ئەوەی کۆڕی قازی یا ئۆرگانێکی دیکە پێشنییاری کردبێ. دەزگای قەزایی ئێران لە دوو بەش پێکدێت: دادگای ئاسایی کە دادگای مەدەنی و سزایی دەگرێتەوە و لەتەک دادستانی و پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان هاوکاری دەکا. هەروەها دادگای شۆڕشی ئیسلامی، کە لەگەڵ دادستانی شۆڕش کە هەتا ساڵی 1994 هەر لەسەر حیسابی ئۆرگانی تایبەتی خۆی کاری دەکرد. ساڵی 1994 بۆ دامەزراندنی دادگای گشتی شۆڕش هەموو دادستانییەکان بە دادستانی شۆڕشێشەوە هەڵوەشێنران. لەمە بەولاوە دەبوو دادگای شۆرشیش بۆ لێکۆڵینەوە و کاری قەزایی لەتەک دادگا و ئیدارە گشتییەکانی پۆلیس و ئەمنی کار بکەن، نەک وەکی بەرێ لەگەڵ ئۆرگانی تایبەتی سەر بە دادگاکە. ئەرکی ئەم داگایە سزادانی ئەوانەیە هێمنی ناوخۆی وڵات ویان لە لایەن دەرەوە دەخەنە مەترسییەوە. هەرەها قاچاخ، سوود خواردن، عەنبارکردنی کاڵا بۆ فرۆشتن بە قیمەتی گران، ئالْکۆڵ و تریاک و هێروئین و شتی لەم بابەتە. ساڵی 1978 خومەینی دادگایەکی رۆحانییەتی بۆسزادانی مەلاکان لەبەر کاری نایاسایی دامەزراند.

گرنگترین یاساکانی دوای گۆڕانکاری یاسای سزادان کە لە ساڵانی 1982/83 کران، ئەمانەن: حودود، قیساس و دییە. هەروەها دوو یاسای تر کە یەکیان تەعزیرات بوو و 9ی ئاوگوستی 1983 هاتە پەسندکران. ئەوی تریشیان سزادانی لەشە کە چاپەمەنییەکانی ئۆرۆپا زۆری باس دەکەن. بۆ وێنەی ئەگەر پێش ئەو یاسایە کەسێک بە دوو ساڵ زیندان تاوانبار بکرایە ئێستەکە بە قەمچی سزا دەدرێ. بەم گۆڕانکارییە ئەو کەلێنەی بەهۆی بەکارنەهێنانی ئەم چەشنە یاسایانە لەسەردەمی شادا بۆ شەرعی ئیسلامی پێکهاتبوو بەسترا. لە ئاوگوستی 1982 یاسای سزادانی نوێ پەسند کرا و ئەمە بووە هۆی سازکردنی شێوەیەکی نوێ لە ئۆرگانیزاسیۆنی دادگا کە تەواو لەسەر پرێنسیپی ئیسلامی بوو. مەبەست ئەوەیە ئیتر حوکمی دادگا نەک لە لایەن کۆڕی قازییەکانەوە دەردەکرا بەڵکوو تاقە یەک قازی بریاری دەدا. ساڵی 1996 رێفۆرمێکی نوێی یاسا کرا و سەرۆکی دەزگای دادوەری بریاری دا هیچ قازییەک حوکمی بەردبارانکردن نەدا و لەبری ئەم زیندان یان شێوەی تری سزادان دژی تاوانباران بەکار بهێنرێ. نوێکارییەکی تر وەکارخستنەوەی قازی لێکۆڵینەر بوو. ئەرکی ئەمە بەر پرۆسەی سەرەکی بە هۆی پسپۆڕانەوە ئەنجام دەدرێ. ئەویش بۆ هاسانکردنەوەی کاری دادگا.

هەروەها بە سەرکەوتنی شۆڕش گەورەترین بە ئیسلامیکردن لە بواری یاسای بنەماڵە و ئەحواڵی شەخسیدا کرا. لە هەموان گرنگتر یاسای پاراستنی بنەماڵە، هۆی تەڵاق، ئاکامەکان و پرۆسەی تەڵاق بوو کە سەرجەمی هی سەردەمی شا بوون و لەگەڵ یاسای ئیسلامی ناکۆک و دژی مادەی 4ی یاسای بنەڕەتی بوون. هەر چەند ئەم یاسایانە بە فەرمی لانەبرابوون، بەڵام دوای وتاری خومەینی لە 23.8.1982 کە گوتی هەر یاسایەک لەگەڵ شەرع نایەتەوە بیخەنە سەر زبڵ، بایەخی خۆیان لە دەستدا. لە 1989ەوە زۆر یاسای پێشتر کاریان لەسەر کرابوو هاتنە پەسندکردن. بۆ وێنە گونجاندنی مارەیی لەتەک رێژەی ئینفلاسیۆن (1989)

گۆڕینی یاسای تەڵاق بە قازانجی ژنان، کچان لە تەمەنی بانتردا بزەوجێن(2002)، مافی سەرپەرشتی یەکسان بۆ منداڵی کوڕ و کچ (2003). بەگشتی دەکرێ باسی تامەزرۆیی بۆ گۆڕانکاری لە یاسای بنەماڵەدا بکەین. بە تایبەت لەکاتی دەسەڵاتداری خاتەمی (2005-1997) خێراییەکی بەر چاو لەم بوارەدا بەدی دەکرا. <u>بەگشتی وتووێژ لەسەر گۆڕانکاری لە یاسای ئێراندا زۆر بە گەرمی دەکری و زۆر جار بە راشکاوی باسی *دییە* بۆ ژنان و کە مایەتییە ئایینییەکان دەکرێ و هەروەها لەم باسانەدا پلە و پایەی وەلی فەقیهـ زۆر جار دەخرێتە ژێر پرسیار.</u>

جگە لەوانەی لە بواری یاسا گۆترا هەوڵیش دەدرێ ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بخرێتە ژێر رکێفی "ئەخلاقی" ئیسلامییەوە. بەشداری لە نوێژی جەماعەت، قەدەغەکردنی ئالکۆڵ و بەکارهێنانی موخەددەرات، سزادان لەسەر *زینا* تەنیا چەند نموونە یەکن. لە هەموو بەرچاوتر یاسای توندی حیجاب بۆ ژنانە، واتە ژنان لە دەرەوە دەبێ حیجابیان هەبێ. ئەمەش بە مانای داپۆشینی هەموو لەش جگە لە سەر و چاو و دەستە. بەجێنەهانی ئەم یاسایە سزای سەخت و گرانی بەدواوەیە. هەروەها جیاکردنەوەی نێر و مێ لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان. هەڵوێستی ژنان بەوەش کە زۆریان بۆ دینن واز لە کارکردن بێنن خراپتر بووە. دەستەڵاتدارانی ئیسلامی بەتایبەتی باسی ئەرکی ژنان لە ماڵەوە دەکەن و ئەمەش لە دێباچەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بە تەسەلی باسیکراوە.

ئەسڵە ئیسلامییەکان هەڵوێستی حکومەتیان بەرانبەر بە کەمایەتییە ئایینییەکانیش گۆڕیوە. ئەوی کەمایەتی ئایینی ( مەبەست نە موسڵمانەکانە) دەگرێتەوە، دیسان رووکراوەتەوە کڵیشەی کۆنی موسڵمان و نەموسڵمان. تەحەمولی ئەمان لە لایەن کۆمەڵی موسڵمانەوە بە پێی ئەسڵی *ذمە* هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێ. ئەمەش کار دەکاتە سەر هەموو لایەنی ژیانی مرۆڤی سەر بە کەمایەتییە ئایینییەکان. لە ئەحواڵ سەخشییەوە بگرە هەتا بەشداری لە ژیانی سیاسی وڵات، بۆ وێنە پارلمان. بەڵام بەهاییەت کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەیدا بووە بە کەمایەتی ئاینی حیساب ناکرێ. سیاسەتی راونانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەوە دەسەلمێنێ کە رژیم ئەمانە بە مورتەد دادەنێ و تۆمەتی دووبەرەکی هاویشتنە نێو موسوڵمانانیان دەخەنە پاڵ و ئەسڵی ذمە ئەمان ناگرێتەوە.

**ئەسڵی ئوممە واتە کۆمەڵی باژێروانە جیاوازەکانی ئیسلامی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بووە هۆی کێشەی نێوان کەمایەتییەکان و دەستەڵاتی ناوەندی. خواستی کەمە نەتەوەییەکان، بەتایبەت کورد پاش رووخانی رژێمی سێنتڕالیستی پەهلەوی بۆ ئۆتۆنۆمی رەت کرایەوە. کە وابو چاوەروانی کوردان بە گۆرینی رژێم نەهاتە دی.**

یەکی لەو فاکتەرانەی بووە هۆی شۆرشی ئێران سیاسەتی ئابوری شا بوو، پاش شۆڕش هەوڵێن بەرنامەگەلی رژێم و رێبەری نوێ لایەنی ئابوری (ژێرخانی ئابووری و کشت و کاڵ)ی گرتەوە. یەکەم سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی (بەنی سەدر) خۆی یەکێ لە زانایانی بواری ئابوری ئیسلامی بوو. ساڵی 1983 هەموو بانکەکان وازیان لە سود وەرگرتن، کە لە ئیسلامدا حەرامە، هاورد. هەندێک لە مەلاکان کە بیری پراگماتیکیان هەبوو هەوڵیان ئەدا بەشێوەی سوننەتی ئابوری وڵات بەرێوە بەرن، بەڵام باڵیکی تر خوازیاری سۆسیالیستیکردن بوو. ئەمان گەرەکیان بوو زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەشکرێ و پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە بکرێتە دەوڵەتی. هەتا ئایەتوڵا خومەینی ئەژیا قەرز وەرگرتن لە دەرەوە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ناوەندە ماڵییەکان کە بەگشتی لەژێر کۆنترۆڵی رۆژاوادا بوون، قەدەغە بوون.

داسەپاندنی دەستەلاتی ئیسلامی تەئسیری دریژخایەنی کردە سەر سیاسەتی دەرەوی ئێران. لە یاسای بنەڕەتیدا نووسراوە کۆماری ئیسلامی یارمەتی بە ژێردەستەکان دەکا. هەر ساڵی 1979 بڕوای وا هەبوو، هەر چەندە ئەمە سیاسەتی فەرمی نەبوو، بەگشتی پەرە بە شۆڕشی ئیسلامی بدرێ و بە کردەوەش یارمەتی بە موسڵمانانی زوڵملێکراو بدرێ. بە تایبەت باسی شێعەکان لە عێراق و بەحرەین، هەروەها بەربەرەکانیی ئەفغانستان دژی داگیرکەرانی سۆڤیەت دەکرا. پەلاماری عێراق لە سیپتامبری 1980 بۆ سەر ئێران و یارمەتی بەربڵاوی هەموو رژێمە عەرەبییەکان بووە هۆی گرژبوونی پێوەندی تاران لەگەڵ دنیای ئیسلامی و دەور و بەر. لە نیوەی ساڵی 1982ەوە دوای پاشەکشێکردن بە هێزەکانی عێراق و بە دانی دروشمی درێژەدان بە شەڕی پیرۆز (جهاد) هەتا رووخاندنی رژێمی سەدامی شەیتان، ئەم سیاسەتە رواڵەتێکی نوێی بەخۆوە گرت. هەروەها لە تارانەوە دەنگی وەها دەبیسترا (بە تایبەت خومەینی بڕوای وا بوو)، یارمەتی بە لێقەوماوان دژی رژێمە ناشەرعییەکانی ناوچە بکرێ و دەشیانگوت بە رزگاربوونی کەربەلا شەڕ بۆرزگاری ئۆرشەلیم دەستپێدەکا. باوەکوو هێزەکانی ئێران لە بەرەی شەڕ دەسەکەوتێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام شۆڕشگێرانی تاران بۆ گۆڕینی ئەو نیزامەی لە ناوچە هەبوو، بە کردەوە ، بەتایبەت لە لوبنان هاتنە مەیدان. لە هەموو بەرچاوتر دەستتێوەردانی راستەوخۆی ئێران بە ناردنی پاسدار بۆ وڵاتەکە بوو و ناڕاستەوخۆش پشتیوانی لە باڵی

رادیکاڵی شێعەکان دەکرد و حیزبوڵاشی سازکرد. بەمەش نەک هەر شێعەی بندەستی لوبنان قورساییەکی دیکەیان هەبوو، بەڵکوو باڵانسی هێزەکان لە ناوچەش هاتە گۆڕین. خومەینی بە قەبووڵکردنی بڕیارنامەی ژمارە 598ی ئەنجومەنی ئاسایشی گوت *ئەمە لە ژاریش تاڵترە* (وتاری خومەینی 20ی جولای 1988). هەروەها فتوای کوشتنی سەلمان روشدی لە لایەن خومەینییەوە کە دەبوو موسڵمانان وەک بەشێک لە ئوممە جێبەجێی بکەن نیشان دەدا،وڵاتەکە لە گەڵ بیری دەولەتی نەتەوایەتی مودێرن نایەتەوە.

**d) کێشە و جیاوازی ناوخۆ لە دەزگای مەلاکاندا**

شەڕی دژی عێراق و مەبەستی جیاوازی لایەن و باڵە جیاوازەکانی رۆحانیەت نیشانیدا ناتەبایی لە نێویاندا چەندە قووڵە. درێژەدان بە شەڕ دژی عێراق لە ساڵی 1982 بەملاوە بە فەرمانی خومەینی خۆی کرا و دژی ویستی هەندێکی تر لە مەلاکان بوو کە نەیاندەویست شەڕەکە بەرنە سەر خاکی عێراق. هەروەها جیاوازی فرەتر و گشتیتر لە نێوان حوجەتییە و مەکتەبییە هەیە. هەرچەند ئەم جیاوازییە بەڕواڵەت فرە کەمە. لە کاتێکدا تاقمی هەوەڵ دەیەوێ کۆمەڵ لە روانگەی کولتورییەوە ئیسلامیزە بکا و دژی هەموو گۆرانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتییە، مەکتەبییەکان دەیانەوێ لایەنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بکەنە مەبەستی سەرەکی شۆڕش.

<u>بەربەرەکانێ نیوان حوجەتییە و مەکتەبییە نیشانەی ئەوەیە ئایدئۆلۆجی کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە لەسەر یەک بناخە دانەمەزراوە</u>. پارتی کۆماری ئیسلامی لە فیبرواری 1979 دامەزراو، بەهۆی بەربەرەکانێی لاباڵی چەپ و راستی کە لە کردەوەدا پارتەکەی ئیفلیج کردبوو ساڵی 1988 هەڵوەشایەوە. بە لێکترازانی پارتی کۆماری ئیسلامی دوو گروپی پاشماوەی ئەم حزبە ، چەپی ئیسلامی بە ناوی تاقمی رۆحانییەتی تێکۆشەر (مجمع روحانیت مبارز) و لایەنی کۆنزێرواتیڤ و نەیاری ئەمان بە ناوی کۆمەڵەی رۆحانیەتی تێکۆشەر (جامعە روحانیت مبارز) درێژەیان بە خەباتی سیاسی دا. بە ناوبانگترین کەسانی سەر بە تاقمی دووهەم ئەمانەن (ساڵی 2005): رێبەری شۆڕش عەلی خامنەیی، سەرۆکی پێشووی پارلەمانی ئێرانی ئەکبەر ناتق نوری و هاشمێ رەفسەنجانی. زۆرینەی ئەندامانی شۆڕای نگەهبان و و خیبرەگان سەر بەمانن. هەروەها لەناو ئەفسەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران و کادرە گرنگەکانیان و ئەندامانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەمنیەتی و ئیتزامی لایەنگریان فرەس. ئایدئۆلۆجی ئەمانە زۆرتر چەسپاندنی رژێمێکی تیئۆکراتییە و بایەخی کەمتر بە یاسای بنەڕەتی و دەستەڵاتی خەڵک دەدەن.

تاقمی رۆحانییەتی تێکۆشەر لە چەند لایەنی جیاوازی کە پێکەوە کار دەکەن پێکدێت. لە پەنای هێزی رادیکاڵ و بەتایبەت دژی ئەمریکایی، هێزی لیبراڵیش هەن. بۆ وینە خاتەمی وەزیری کار و باری کولتوری کە لە مانگی مای 1997 وەک سەرکۆمار هەڵبژێردرا.

لە سەرەتاوە موسوڵمانە چەپەکان سیاسەتێکی توند و تیژیان گرتە بەر و ئابوری وڵاتیان خستە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە و گەرەکیشیان بوو شۆڕش بۆ دەرەوە بنێرن. پاش ئەوەی ساڵی 1992 وەلانران وازیان لە رادیکالسم هاورد و ئیتر باسی کۆمەڵی مەدەنی و حکومەتی یاسا و سیاسەتی هێدی ناوخۆ و دەرەوە و کردنەوەی وڵات بۆ پێوەندی فرەتری نێونەتەوەییان هێنا گۆڕێ. ساڵی 1997 چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار هێزە دیمۆکراتەکان کە بریتی بوون لە ئیسلامی چەپ، تێکنۆکرات و راستڕەوە مۆدێرنەکان ئیئتلافیان کرد و محەممەد خاتەمیان کاندید کرد و ئەمیش هەڵبژاردنی لە مانگی مای هەمان ساڵدا بردەوە.

بەهۆی ئازادییکەی رێژەیی و کردنەوەی فرە کەمی سیستەم، دەکرێ بڵێی چاپەمەنی وڵات بێ هیچ شاردنەوەیەک باسی رۆشنبیرانەی دژی بیر و رای رەسمی دەست پێکرد و قەڵای کۆنزێرواتڤەکانیان لە هەموو لایەکەوە، بۆ وێنە دەزگای قەزایی و شۆرای نیگەهبانی دایە بەر هێرش. ئیتر باسی ئاشکرا و رەخنەگرانە لەبارەی پیداڕوانینەوەی نەریتی ئیسلامی بەو شیوەی لە ساڵی 1997 تێئۆکراتەکانی ئێران بەسەر کۆمەڵیاندا سەپاندووە لە لایەکەوە، لەو لای تریشەوە مۆدێرنیسمی رۆژاوایی بە هەموو دیاردەکانییەوە واتە حکومەتی یاسا، دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەستی پێکرد.

مێشکی سەرکردایەتی ئەم باسە رەخنەگر و رۆشنبیرییانە "عەبدولکەریم سرووش"ە. سروش پێی وایە مەلاکان ئایین بە ناحەق تەنیا بە یەک شێوە لێکدەدەنەوە. بۆیەش ئایینی ئسلام بەرەو ئەوە چووە مەیلێکی فاشیستی بەخۆوە بگرێ و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران پشتی تێبکا. <u>سروش دەبێژی لەبری حکومەتی ئێستاکە دەبێ نیزامێکی ئایینی-دێمۆکرات بێتە سەر کار کە باوەڕی بە پلورالیسم و لیبرالیسم هەبێ و دێنیش دەبێ تا رادەیەک زەوینی بێ</u>. ئەوانی بە چاوی رەخنەگرانەوە دەروانن رژێم (هەر کامیان لە روانگەی خۆیانەوە)، ئەمانەن: سەعید حەجاریان، موحسین کەدیوەر، ماشەڵا شەمس ئەلواعیزین، ئەکبەر گەنجی، یوسف

ئەشکیوەری، حەبیبوڵا پەیمان، هاشم ئاقاجاری، ئیبراهیم یەزدی، عەلیڕەزا عەلەویتەبار، موحسن سازگارا، موجتەهید شەبستەری و ئایەتوڵا مونتەزیری.

لە ئێران نەک هەر سیستەمی ئایدۆلۆجی جیاوازە، بەڵکوو ناوەندی سیستەمی سیاسیش توشی دووبەرەکی بووە. ئەمەش دەکارێ کارتێکەری لەسەر بوارە جیاوازەکان هەبێ. لە راستیدا ئە و ناتەبایی و بۆچوونی جیاوازییە ی کە باسمان کرد، لە کۆماری ئیسلامی و بارستایی هێزەکانیدا بە باشی خۆ دەنوێنێ و تەنانەت لە یاسای بنەڕەتیشدا بەرچاوە. ئەم یاسایە هەم کۆماری و دیمۆکراتییە، هەمیش ئیسلامی و تێئۆکراتی. ئەمەش هۆی ئەو گێچەڵ و کێشە یە کی لەبن نەهاتووە، لە لایەکەوە پە ڕلە مان و سەرکۆمارێکی لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراو هەیە و لە لایەکی ترەوە رێبەری ئایینی کە شەرعییەتی ئایینی هەس و دەستەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو دەزگا حکومییەکاندا هەیە. دەسەڵاتی رێبەری دینی و "فەقیهـ"ەکان زۆر لە هی سەرکۆمار زیاترە. ئەمەش لە بەندی 56ی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەستەڵاتی رەوا بەهی خودا و نوێنەری ئەو ئیمامی غایب دەزانێ نەک خەڵک. رێبەر بۆی هەیە خۆی لێپرسراوانی گرنگ دەستنیشان بکا و یان لایانبەرێ. هەروەها ئەندامانی دوازدە کەسی شۆڕای نیگەهبانی بەدەستەڵات هەر ئەم هەڵیاندەبژێرێ.

شۆڕای نیگەهبان لە ساڵانی (1995-2005) بە لێبڕاوی بەری پەسندکردنی زۆر یاسای رێفۆرمخوازانەی گرت، یان ریفۆڕمخوازەکان ناچار بوون ئەوەندەی گۆڕانکاری تێدا بکەن کە بەدڵی مەلاکانی شۆڕای نگەهبان بێ. پاشەکشەی بەردەوامی خاتەمی بووە هۆی ئەوە ی سەرکۆماری رێفۆرمخواز رۆژ لەگەڵ رۆژ لایەنگری کەمتری لە لایەن ئەوخەڵکەوە، کە تامەزرۆی گۆڕانکاری بوون، لێبکرێ. نەیارانی خاتەمی بەوەش وازیان نەهێناو مافی تەئیدکردنی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پاڕلمانی ئێرانی کە مافی سەرکۆمارە لە لایەن شۆڕای نگەهبانەوە بەر لەهەڵبژاردنەکانی 20ی فیبرواری 2004 لێ زەوتکرا و بەری بەشداری 300 کەس لەو 800 کەسەی خۆیان کاندید کردبوو، گرت. ئەو سێسەد کەسە بەگشتی رێفۆڕمخواز بوون. دەزگای قەزایی لە 1998وە هەتا سەرەتای 2003 پتر لە 90 گۆڤار و رۆژنامەی بەست و ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەوان. رێبەری قوتابی، مەلا، نووسەر، رۆشنبیر، پارێزەر و تەنانەت لێپرسراوانی گرنگی حکوومەتی کە لە خاتەمی نزیک بوون بە بیانووی پڕ و پووچی سیاسی خستە زیندانەوە. ئەو راستییەی سەرکۆماری پێشوو رەفسنجانی وەک سەرۆکی شۆڕای مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام پێشتر پشتیوانی لە خاتەمی دەکرد و لە 1990ەوە رووی لە پارێزخوازەکان کرد و پڕۆگرامی رێفۆڕمخوازانەی دەخستە بەر هێرش، تەگەرەیەکی مەزن بوو لە سەر رێگای رێفۆرمخوازەکان. لە کۆتایی ساڵی 2005دا دەرکەوت نابەرانبەریی هێزی سەرکۆمار و رێبەری شۆڕش کە یاسای بنەڕەتی بارستایی خستووەتە لای رێبەر و هەروەها لە لایەن ناوەندە جیاوازەکانی دەستەڵاتەوە (دەزگای قەزایی، شۆڕای نگەهبان، مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام، شۆڕای خیبرەگان، سپای پاسداران و مەوقوفاتە جیاوازەکان نایەتە گۆڕین.

25 ساڵ پاش سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە بنبەستێکەوە کە بە ئاسانی ناتوانن لێی دەرباز بن. لە هەل و مەرجێکی وەهادا کە لە زۆرینەی شوێنەکانی وڵات لاوەکان تووشی ناهۆمێدی و سەرلێشێواوین، دەنگی جیاکردنەوەی سیاسەت و ئایین هەر لە بەرزبوونەوەدایە. هەر چەندە ئەم دەنگە ئێستاکە زۆر لاوازە. هەڵبژاردنی شارداری پێشووی تاران ئەحمەدی نژاد وەک سەرکۆمار ئەوە دەنوێنی کۆماری ئیسلامی چەندە لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دوورە.

ئەم وتارە لە کتێبی "ئیسلام لە سەر دەمی هاوچەرخدا"، وەرگیراوە کە ناوەندی فیدرال بۆ راهێنانی سیاسی لە ئالمان بڵاوی دەکاتەوە.
Werner Ende /Udo Steinbach Islam in der Gegenwart
Bundeszentrale für politische Bildung
©2005 Verlag C.H. Beck München
5. aktualisierte und erweiterte Auflage
ISBN 3-89331-625-6
1064 لاپەڕە
نووسەری وتار Udo Steinbach بەرپرسی "ناوەندی رۆژهەڵاتناسی ئاڵمانی"یە.